بۆپشتیوانیکردن لەمەسیحیەکان، ناوەندی چاک ڕێپێوانێکی هێمنانە ساز دەکات

لقی کەرکوکی ناوەندی **چاک** لە راگەیندراوێکدا ئاشکرای کردووە کە دژ بە سیاسەتی تۆقان و ڕاوەدونانی برا مەسیحی و ئاینیەکانی تر ڕێپیوانێکی هێمنانە لە شاری کەرکوک بەڕێوە دەبات.

بەگوێرەی راگەیاندراوەکە بریار وایە کاتژمێر ١٧.٣٠ی ئەمڕۆ، یەکشەممە ١٩-١٠-٢٠٠٨ لە باخچەی ئیسکانەوە خۆپیشاندەران گوڵ و مۆم هەڵبگرن و بەرەو کەنیسەی سوور بڕۆن، لەوێ هاوسۆزی خۆیان پێشان بدەن و پشتیوانیکردنیان لە مەسیحیەکان دیار بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندی چاک داوای لە دانیشتوانی شاری کەرکوک و تێکڕای لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کردووە کە لەو ڕێپێوانەدا بەشداری بکەن و هاوخەمی و هاوسۆزی خۆیان دیار بکەن.

چەمچەماڵ: خەڵک داوا دەکەن وەزیری ناوخۆ سەرانیان بکات

بەهۆی ڕووداوی کۆمەڵایەتیەوە لەماوەی هەفتەیەکدا چوار کەس کوژران، بۆ ڕێگەگرتن لەو ڕووداوانە ئێوارەی ڕۆژی هەینی ١٧-١٠-٢٠٠٨ ژمارەیەک کەسایەتی شاری چەمچەماڵ کۆبوونەوەو بە واژۆی سی کەس بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە، کە تێیدا داوا دەکەن کە سنووریک بۆ ئەو ڕووداوانە دابندرێ.

لەبەیاننامەکەدا داوا لە وەزیری ناوخۆ کراوە تا سەردانی قەزای چەمچەماڵ بکات و لەگەڵ دانیشتوانو بەرپرسانی قەزاکەدا کۆبێتەوەو لەنزیکەوە لەڕووداوەکان بکۆڵێتەوە و کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات.

لەلایەکی دیکەشەوە کاتژمێر٣ ی ڕۆژی ١٧-١٠-٢٠٠٨ وڵاتییکی تەمەن ٧٠ ساڵە، لەشارۆچکەی چەمچەماڵ بەکڵاشینکۆف کوژرا. بەگوێرەی زانیاریەکان کوژراوەکە پاسەوانی نوسینگەی فێربوونی شۆفێری بانە بووە و بەکڵاشینکۆف کوژراوەو چەند گوللەیەکی بەرکەوتووە.

کەسوکاری جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە قوربانیەکە کێشەو گرفتی لەگەڵ کەس نەبووە، بۆیە سکاڵا لەدژی هیچ کەس تۆمار نەکراوە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە.

لەلایەکی دیکەشەوە

کەرکوک: یەکەمین فێستڤاڵی هونەری شێوەکای ساز دەکرێ

لەرێگەی راگەیاندراوێکەوە ڕێزدار ئەحمەد رەزا، بەڕێوەبەری هونەری شێوەکای ئاشکرای کردووە کە لە ڕۆژانی ٢٠-٢٢/١٠/٢٠٠٨ لە هۆڵی قشڵەی شاری کەرکوک دا فێستڤاڵی هونەری شێوەکاری ساز دەکرێ، بەوهۆیەشەوە، بەمەبەستی سەرخستنی فێستڤاڵەکە داوای لە پەیامنێرانی دەزگەکانی راگەیاندن کردووە کە هاوکاری پێویستیان لەگەڵ دا بکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە لیژنەی باڵای یەکەمین فێستیڤاڵی هونەری شێوەکاری لەبەیاننامەیەکدا جەختی کردۆتەوە کە بەمەبەستی هەماهەنگی کردن هونەریی لە شاری کەرکوک لەگەڵ سەرجەم نەتەوەکاندا، وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری شێوەکاری لە سلێمانی یەکەمین فێستیڤاڵی خۆی ساز دەکات کە چەند تۆژینەوەیەکی ڕەخنەیی لەسەر هونەری شێوەکاری پێشکەش دەکرێن، ڤاش کردنەوەی ڕێورەسمی فێستیڤاڵەکە پێشانگەی گشتی فێستیڤاڵ بۆ سەرجەم هونەرمەندانی کورستان و شاری کەرکوک دەکرێتەوە کە تێیدا هونەرمەندانی شاری کەرکوک بە کوردو عەرەب و تورکمانەوە بەشداری تێدا دەکەن.

مەندەلی: ٤ پاسداری ئێرانی و حەوت سوری دەستگیر دەکرێن

دوێنێ شەممە ١٨-١٠-٢٠٠٨ سەرچاوەکانی هەواڵ لە زاری پاسەوانانی سنووری عێراقیەوە بڵاویان کردوە کە هێزێکی فەوجی چواری سەر بە لیوای پاسەوانی سنوری پارێزگای دیالە، لەناو خاکی عێراقدا لە سنوری مەندەلی(٥٥کم باکوری خۆرهەڵاتی بەعقوبە) چوار پاسداری ئێرانی بە جلی سەربازیو چەکەکانیانەوە دەستگیرکردوە.

سەرچاوەکە ئاشکرای نەکردووە کە ئایا ئەو چوار پاسدارە رادەستی هێزەکانی ئەمریکا کراون یان لەلایەن پاسەوانانی سنوورەوە راگیراون.

لەلایەکی دیکەوە هەر دوێنی شەممە ١٨-١٠-٢٠٠٨ ئاشکرا کرا کە هێزەکانی پۆلیسی شاری جەلەولا هەشت کەسی خەڵکی سوریایان دەستگیر کردووەو گومانی ئەوەیان هەبووە کە ئەوانە ئێرانین و دەیانەوی بێنە ناو خاکی عێراقەوە، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە بۆیان دەرکەوتووە کە ئەوانە بە قیزەی فەرمی و لە ڕێگەی سوریاوە هاتوونەتە ناو خاکی عێراق، داوای بووردنیان لێکراوەو ئازادکراون.

سکرتێری حزب پێشوازی لە کاک کاوە نادر سەرنووسەری هەفتەنامەی میدیا دەکات

کاتژمێر ١٧ی ڕۆژی ١٤-١٠-٢٠٠٨ هەڤاڵ **ڕێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە هەولێر پێشوازی لە ڕێزدار کاک **کاوە نادر** سەرنووسەری هەفتەنامەی میدیا کرد، لە دیدارێکدا باس لە ڕەوشی هەنووکەیی ڕۆژنامەوانی کوردستان بە گشتی و ڕەوشی ڕۆژنامەوانی لە باشوری کوردستان کرا، سەرنووسەری هەفتەنامەی میدیا باسی لەو کێشەو گرفتانە کرد کە یەخەی بزاڤی ڕۆژنامەوانی کوردستانیان گرتووە، هەروەها هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد هیوای خواست کە ڕۆژنامەوانانی کوردستان لێبڕاوانە لەپێناو گەیاندنی پەیامی ڕۆژنامەوانی تێبکۆشن و هەوڵی سڕینەوەی ئەو گرفتانەش بدەن کە لەبەردەم بزاڤی ڕۆژنامەوانی کوردستان قوت دەکرێنەوە.

سکرتێری حزبی ڕزگاریی کوردستان پێشوازی لە ڕێزدار عەلی مەحمود سەرپەرشتیاری ناوەندی چاک دەکات

کاتژمێر ١٧ی ڕۆژی ١٥-١٠-٢٠٠٨ هەڤاڵ **ڕێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی حزب لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە هەولێر پێشوازی لە ڕێزدار کاک **عەلی مەحمود** بەرپرسی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و ژینۆسایدکردنی گەلی کورد (چاک) کرد، ڕێزدار عەلی مەحمود سەبارەت بە کۆنگرەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان دوا کە لە ڕۆژانی رابردوو لە شاری نەجەف بەڕێوەچووبوو. هەروەها کارو چالاکیەکانی ناوەندی چاکی خستە بەرچاوان، هەڤال سکرتێری حزبیش دەستخۆشی لە چالاکوانانی ناوەندی چاک کردو هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ خواستن.

لەم دیدارەدا هەردوولا هاوڕابوون کە دەبی کاری هەمەلایەنەو گشتگیرانە بۆ ناساندنی شاڵاوی ئەنفالکردنی کوردستانیان بکری کە ڕژێمی بەعس لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دژ بە نەتەوەی کورد بەڕێوەیبردو ئامانجیشی قڕکردنی گەلەکەمان بووە، بەتایبەتیش کە ئێستا لە سەر ئاستی جیهانیدا دەرفەتێکی باش ڕەخساوەو باشتر گوێ لە ڕێکخراوە کوردستانیەکان و دۆزی نەتەوەی کورد دەگیرێ.

کەناڵی راپەڕین، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان میوانداریتی هەڤاڵ سکرتێری حزبمان دەکات

ڕۆژی ١٢-١٠-٢٠٠٨ بەرنامەی روانین کە لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، کەناڵی راپەڕین پێشکەش دەکرێ، میوانداریتی هەڤاڵ **ڕێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستانی کردبوو، بەرنامەکە تایبەت بوو بە دیارەی کۆچکردنی گەنج و لاوانی کوردستان بۆ هەندەران. سەرەتا کاک **هونەر ڕەسوڵ** پێشکەشکەر و ئامادەکاری بەرنامەکە پرسیارەکانی خۆی دەستپێکرد، ئەوسا هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد تیشکی خستە سەر دیاردەی ڕۆیشتنی لاوان و ئەمەشی بە سەرهەڵگرتن ناوبردو لە کۆچکردن و پەنابەری جیا کردەوە، لەم پێوەندەدا حکومەتی هەرێم و کۆمەڵگەی کوردستان و توێژی لاوانی بە بەرپرسیار زانی و هیوای خواست لە لایەنی پەیوەندداریئاوڕ لە کێشەی گەنج و لاوان بداتەوە، دەرفەتی کارکردن و دامەزراندنیان بۆ بڕەخسێنێ، شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابین بکات، لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا هاوکاری پێویستیان لەگەڵ دا بکات، لەهەمان کاتیشدا داوای لە لاوان کرد کە خۆیان خاوەندارێتی لە داهاتووی گەل و نیشتمان کەن، خۆیان بۆ بنیاتنان و ئاوەدان کردنەوەی نیشتمان هەنگاوی کردەیی هەڵبگرنەوەو بێ هیوا نەبن.

هاوپەیمانی کوردی فەیلی دادەمەزرێ

ڕۆژی ١٤-١٠-٢٠٠٨ لە هۆڵی هوتێل شیراتۆنی شاری بەغداد لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەیاننامەی دامەزراندنی هاوپەیمانی کوردی فەیلی بڵاوکرایەوە، بەوهۆیەوە راگەیەندرا کە ژمارەیەک ڕێکخراو و هاوبەندی و کەسایەتی کوردی فەیلی، هاوپەیمانی کوردی فەیلییان دامەزراندوە، ئامانجی ئەو هاوپەیمانیە یەکخستنی ریزەکان و گوتاری کوردانی فەیلیە بۆئەوەی بەشێوەیەکی کارا هاوشانی پێکهاتەکانی دیکە بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بکەن.

بەیاننامەی دامەزراندنی هاوپەیمانی کوردی فەیلی جەختی لەسەر دادپەروەری و یەکسانی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق کردۆتەوەو هیوای خواستووە کە کوردانی فەیلی پەڕاوێز نەکرێن و تەواوی مافەکانیان بۆ بگێڕدرێتەوەو لە دابەشکردنی پلەو پۆستەکانی دەوڵەتدا بێبەش نەکرێن، چونکە لە رابردوو ستەمی زۆریان لێکراوە، بەوهۆیەشەوە دەبێ قەرەبوو بکرێنەوە.

هەر بەگوێرەی زانیاریەکان لە هەڵبژاردنێکدا حەیدەر بەغدادی سەرپەشتیاری ڕێکخراوی ئاشتی کوردی فەیلی بۆ ئەمینداری گشتی هاوپەیمانی کوردی فەیلی هەڵبژێردراوە و شێخ ئەسعد فەیلیش وەک وتەبێژی هاوپەیمانی کوردی فەیلی دەستنیشان کراوە.

جێگەی ئاماژەیە کە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق بەکردەوە هاوێرکاری لەنێوان بەشێک لە کوردانی فەیلی و سەرجەم کوردستانیان کرا، بەوهۆیەشەوە لایەنی عەرەبی شیعە تێیدا سوودمەند بوو، چونکە کوردانی فەیلی شیعەن و بەرو سەنگەری شیعەکانی عێراق پەلکێش دەکرێن، ئەمەش زیان بە بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی کورد دەگەیەنێ.

پەیامی هاوخەمی

بەڕێز کاک سەلاحی سوڵتانپەنا، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی سەربەخۆیی کوردستان

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی قادرخانی سوڵتانپەنا خەباتکاری دێرینی نەتەوەکەمانمان بیست، بەوهۆیەوە بەناوی خۆم و هەڤاڵانم لە حزبی ڕزگاریی کوردستاندا، وێڕای داخباریمان، پرسەو سەرەخۆشی لە تۆی هێژاو بنەماڵەی سوڵتانپەنا و سەرجەم هاوڕێ و هاوسەنگەرانی قادر خانی سوڵتانپەنا دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین.

حزبی ڕزگاریی کوردستان بۆ لە دەستدانی قادرخانی سوڵتانپەنا داخبارە و دەشزانێ کە لە دەست چوونی خۆشەویستان کۆستێکی گەورەیەو زامەکەشی بە هێسانی سارێژ نابێ، بەڵام بۆ بنەماڵەی سوڵتانپەنا هێندە بەسە کە قادرخانی سوڵتانپەنا وەک تێکۆشەرێکی ماندوونەناس تێکڕای تەمەنی خۆی لەنێو حزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا بۆ ڕاژەی گەل و نیشتمانەکەی تەرخان کردبوو، بەوهۆیەشەوە شانازی و سەرفرازی بۆ خۆی و بنەماڵەکەی و نەتەوەکەی مسۆگەر کردووە و مێژووش سەربردەو خەباتی ئەو تێکۆشەرانە ون ناکات و بە دەستپاکیەوە دەیانوسێتەوە.

پرسەو سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆمان دووپات دەکەینەوە، هیواخوازین ئەمە دواین کۆست و ناخۆشی بنەماڵەی سوڵتانپەنا بێ.

ڕێکار ئەحمەد

سکرتێری گشتی حزبی ڕزگایی کوردستان

هەواڵی سەیر

ماوەیەکە سوپای تورکیا هەڕەشەی لەنێوبردنی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە گوایە گەریلاکان لە سنووری هەرێمی کوردستانەوە دزە بۆ ناوخاکی تورکیا دەکەن و لە نزیک سنوورەوە چالاکی دژ بە سەربازانی تورکیا ئەنجام دەدەن، بەڵام ڕۆژی پێنج شەممە ١٦-١٠-٢٠٠٨ گەریلاکانی کوردستان لە چالاکییێکی بەرگریدا توانیان کۆپتەرێکی سەربازی سوپای تورکی بەربدەنەوەو فەرماندەیەکی کۆماندۆی شاری شرناخ و هەشت سەربازی دیکەیش بکوژن.

باوکێکی تەمەن ٦٣ ساڵەی دانیشتووی گەڕەکی قەڵاتی شاری رانیە چونکە کوڕەکەی زۆرهێناوەو هەڕەشەی کوشتنی لێکردووە، هانای بۆ دادگە بردووەو سکاڵای لە دژدا تۆمار کردووە.

بەگوێرەی زانیاریەکان کوڕەکە ناوی (س.د)ە، بەهۆی ئەوەی کە باوکی ئامادە نەبووە ڕەوانەی هەندەرانی بکات، هەڕەشەی کوشتنی لێکردووە، باوکەکە جەخت دەکاتەوە کە ئەوان هەژاران وپارەی پێویستیان بۆ دابین ناکرێ، دەنا بەڵای کوڕەکەیان لەکۆڵ خۆیان دەکەنەوەو ڕەوانەی ئەوروپای دەکەن!.

دانیشتووانی ١٣ گوندی دەڤەری خۆشناوەتی کە سەر بە شارەدێی بالیسانن، بەهۆی ئەوەی کە بڕیارو‌ایە کارەباکەیان بۆ سەر بەڕێوەبەرێتی کارەبای شاری شەقڵاوە بگوازرێتەوە، نیگەرانن و نارەزایی دەردەبڕن.

خەڵکی ئەو گوندانە پێیانوایە کە کارەبای شاری شەقڵاوە بۆ خۆی بێتوانایەو بەشی شارەکە ناکات، ئەوسا چۆن دەتوانێ کارەبای سێزدە گوندی دیکە دابین بکات؟!

دانیشتووانی ئەو گوندانە جاران کە کارەباکەیان سەر بە کارەبای سەروچاوە بوو گلەیی زۆریان هەبوو، بەڵام ئێستا پێیانوایە بە گواستنەوەی کارەبای ئەوان بۆ سەر شەقڵاوە، سەروچاوە قازانج دەکات !

فێرگەی خوێندنی خێرای کوڕان بەهاوکاری لەگەڵ فێرگەی ناوەندی ئلای کچان خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم بەڕێوەبەرێتی پەروەدەی شارەزوور ئەنجام دا، پاشان ڕوویان لە بارەگای قایمقامی شاری شارەزوورکرد، لەوێ هەردوولایان بە ڕووی یەکتردا هەڵشاخان، لە ئاکامدا سەری سێ کوڕو کچێک شکا.

جێگەی ئاماژەیە کە هەردوولا کێشەو گرفتی شوینی خوێندنیان هەیە، بەگوێرەی زانیاریەکان ٣١ فێرگە لە حەوت بینایەدا دەوام دەکەن، بەوهۆیەشەوە کێشەو گرفتی زیری لێ کەوتۆتەوە.

لەماوەی رابردوودا لە میانی بەرنامەیەکدا وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاندبوو کە ئەگەر وڵاتیان ئەوە پارەیەی بە موەلیدەی ئەهلی دەدەن، بە وەزارەتی کارەبای بدەن، ئەوا کارەبای بەردەوامیان بۆ دابین دەکرێ، ئێستا کە کارەبای شارەکانی هەولێرو سلێمانی باشتر بووە، دەنگۆی ئەوە هەیە کە نرخی کارەبا بەرز دەبێتەوەو ئەمێری دەبێ بە نۆ هەزار دینار!!

ڕۆژی ١٥-١٠-٢٠٠٨ مامۆستاو فێرخوازانی پەیمانگەی تەکنیکی شاری دهۆک ڕێپێوانێکیان ساز کرد، چونکە داوا لە مامۆستایان کردوە کە ئەو شوقانە چۆل بکەن کە ئێستا تێیدا نیشتەجێ کراون! یان مانگانە یەک ملیۆن و نیو کرێ بدەن!!

جێگەی ئاماژەیە کە مامۆستایانی پەیمانگەکان گلەیی ئەوە دەکەن کە وەزارەت خوێندنی باڵا ستەم و نابەرابەری لەنێوان مامۆستای کۆلیژو زانکۆکاندا دەکات، هەروەها پارەی وانەبێژی بۆ مامۆستایانی خاوەن بڕوانامەی ماستەر هەزار دینارە و بۆ خاوەن بڕوانامەی دکتۆراش ١٥٠٠ دینارە، ئەمەش زۆر کەمە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com